


# گەشتێك بۆ وڵاتی هاوڕێیانم

(گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم) ناونیشانی کتێبێکی هونەرمەندی شێوەکاری دانیمارکی «ئەنیتا ئیسپاندەر»ەو لە شێوەی سەفەرنامەدا نووسیویەتی و ڕۆماننووس (کاروان عومەر کاکەسوور) وەری گێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، هاوکات هاوکارێکی جدی و کاریگەریش بووە لەگەڵ خاتوو (ئەنیتا)دا بۆ نووسینەوە و داڕشتەوەی ئەو کتێبە، ناونیشانەکە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە نووسەری ئەم کتێبە عەشقێک هەڵی گرتووە و بۆ کوردستانی هێناوە، ناونیشانەکە هەر زوو ئاشکرای دەکات (ئەنیتا) لێرە لە کوردستان تەنیا نییە و کۆمەڵێک هاوڕێ و خۆشەویستی هەیە.

چەند ساڵێک لەمەوپێش دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بە فەرمی (ئەنیتا)ی شێوەکار لە دانیمارکەوە بانگێشت دەکەن بۆ شاری سلێمانی بۆ ئەوی پێشانگەیەکی شێوەکاری بۆ تابلۆکانی بکەنەوە، هەڵبەت

رەنگە یەکێک بپرسێت لەناو تەواوی شێوەکاران و هونەرمەندانی ئەوروپا و دونیادا بۆچی ئەم ژنە هونەرمەندە دەستنیشان کرا و بانگێشتی کوردستان کرا؟ بەڵام ئیدی کاتێک کتێبی (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم) دەخوێنینەوە، تێدەگەین چەند گرنگبوو ئەنیتا بێتە ئێرە و لە نزیکەوە ئێمە بەر هونەرەکەی بکەوین و ئەویش کولتوور و پەیوەندی و سرووشت و شار و شاخ و کارەسات و برینەکانمان ببینێ، گرنگبوو ئەنیتا بچێتە هەڵەبجە و ئیدی بە واقیعی هەست بە قورسایی خەمی نەتەوەیەک بکات، بچێتە گوندێکی دوورەدەستی ناوچەی هەورامان و جامۆڵکەیەک دۆ بە دەستی پیرەژنێکی سادەو بۆنخۆشەوە بخواتەوە، بچێتە هەولێر و گەلەری شانەدەر و دێرینیی ئەو شارە ببینێ، گرنگبوو لە سلێمانی ببێتە هاوڕێی هەرهەموومان و لە ئەمنە سوورەکە تابلۆکانی نمایش بکات، گرنگبوو لە نمایشەکەی (میدیا)دا، ئامادەبێت و خوێنی ژنێکی رۆژهەلاتی ببینێ، ئێواران وەک کچێکی ئەم شارە لە جادەی سەهۆڵەکە خەڵکی تازە بناسێ و وێنەی هەموو شتێ بگرێ، عەسرێک خۆی بکات بە چاپخانەی (شەعب)داو ئیدی تێبگات بەشێک لە نووسەر و هونەرمەندی ئێمە لەوێ چی دەکەن.

ئەنیتا تاکە هونەرمەندێکی ئەوروپییە پێشتر خەونی هاتن بۆ کوردستانی هەبوویێت و کاری بۆ کردبێت، ئاخر زۆربەیان پێیان وایە کوردستان وڵاتێکە تەنها شەڕ و کوشتن و رق دەزانن، کەچی ئەنیتا وێنەی کوردی دەکێشاو لە پێشانگەکانیدا نمایشی دەکردن، کاتێکیش هات و ئازادانە خۆی بە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەدا دەکرد و بووە هاوڕێی نووسەر و رۆشنبیر و هونەرمەند و تەنانەت بووە دۆستی پیرەژن و پیرەپیاو و منداڵ و کوڕ و کچی گەنجی شارە گەورە و بچوک و گوندە زۆر دوورە شاخاوییەکانیش، ئاخر ئەو خاتوونە تەنها لەسەر ئاستی تابلۆکانیدا هونەرمەند نەبوو، بەڵکو لە دنیابینی و هەڵسوکەوت و تێکەڵبوونیشیدا هونەرمەند بوو، لەوەشدا هونەرمەند بوو، کە بە زوویی تێکەڵی خەڵک و شوێنە جیاوازەکان ببێت و تەنها بە زەردەخەنە رایەڵی خۆشەویستی و رێز درووست بکات.

بە گشتی ئەم کتێبە روانینی ژنە هونەرمەندێکی ئەوروپییە بۆ ئەو گەشتەی بۆ کوردستانی کردبوو، دیارە پێشتر لە دانیمارک بەهۆی هونەرەکەیەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و هونەرمەندی کوردی نیشتەجێی دانیمارک تێکەڵبووە و لە رێگەی ئەوانەوە نەک تەنها بە کولتوور و ئازار و غەمی کورد ئاشنابووە، بەڵکو پەیوەندییەکانی رۆژ بەرۆژ فراوانتر کردووە و بەهۆی ئینتەرنێت و سایتە کوردییەکانەوە کە تابلۆکانی تێدا بڵاوکردوونەتەوە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و هونەرمەندی کورد لە کوردستان ئاشنایەتیی پەیداکردووە.

ئەوەی لەم کتێبەدا جێگەی سەرنجدان و گرنگییە، راستگۆیی و شارەزایی و نیازپاکیی ئەو ژنە شێوەکارەیە، بەرامبەر بەو شتانەی لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستان بینیونی، ئەو بە باشی ئاگاداری ئەوەیە کە کورد وەک میلەتێک لە لایەن داگیرکەر و وڵاتانی دراوسێوە چەوسێنراوەتەوە، ئاگاداری ئەو مێژووە پڕ لە قوربانی و خەباتەیە کە ئەم گەلە بۆ مانەوەی لەسەر خاک و پاراستنی

ئەوەی لەم کتێبەدا جێگەی سەرنجدان و گرنگییە، راستگۆیی و شارەزایی و نیازپاکیی ئەو ژنە شێوەکارەیە، بەرامبەر بەو شتانەی لە ماوەی مانەوەیدا لە کوردستان بینیونی

# کتێب

زمانی دایکی داویەتی، لەگەڵ ئەمانەشدا بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە قسە لەسەر ئەوەدەکات کە هەموو ئەو خەم و مەینەتی و ئازارانە، نەبوونەتە فاکتەرێکی خراپ بۆ پشتکردنە ژیان لە ناو نەتەوەی کورددا، نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە لە ماوەی مانەوەیدا و تێکەڵبوونی لەگەڵ کەسانی سەر بە ناوەندە جۆراو جۆرەکان، بۆی دەرکەوتووە، کورد خەونی جوانی هەیە و دەستبەرداری ژیان و پێشکەوتن و قبوڵکردنی جیاوازی نابێت و ئامادەیە لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا بکەوێتە گفتوگۆ و تێکەڵ بە شارستانییەتی دیکە ببێت، ئەمە پێچەوانەی زۆرێکە کە پێیان وایە کورد هەتاکو ئێستاش شاخاوی دەژین و میللەتێکی داخراون و چێژ لە مەرگ و جەنگ دەبینن.

ئەنیتا لە کتێبەکەیدا بە وردی و شارەزاییەکی باشەوە، وێستگە بە وێستگەی سەفەرەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر لەوکاتەوەی کە ماڵئاوایی لە مێردە ئازیزەکەی دەکات و لەگەڵ (کاروان عومەر کاکەسوور)ی رۆماننووسدا دەست بە گەشتە دوور و درێژ و پڕ لە پێکەنین و خەم و ئازار و کێشە



ئەنیتا لە هەڵەبجە

# هاتنی ئەنیتا هاتنی خۆشەویستییەکی راستەقینەو هونەرمەندێکی ئەڤینداره بۆ تێگەیشتن له میللەتێك کە ناوی بە ناشرینی بڵاوبووەتەوە

و موعاناتەکانیان دەکەن، هەتا ئەوکاتەی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە دانیمارک، ئەم خانمە شێوەکارە، بێلایەنانە ئەو شتانە دەگێڕێتەوە بە زاکیرەیەکی زیرەکانەوەو وریاییەکی زۆرەوە، قسە لەسەر هەموو ئەو شوێن و کەسانە دەکات کە بەهۆی گەشتەکەیەوە بینیونی و بەریان کەوتووە.

ئەوەی بۆ من مایەی سەرنجە لەم ژنەدا ئەوەیە، کە چۆن چۆنی بەو زووییە تێکەڵاوی کولتوور و دابونەریت و پەیوەندییەکانی کوردستان بوو؟ چۆن چۆنی توانیی وا خۆی نمایش بکات وەک ئەوەی هەر لێرە ژیابێت و ئاگای لە هەموو شتێک بێت؟ چۆن چۆنی بەو شێوە زیرەکانە چووە ناو خێزانە کوردییەکانەوە و لەگەڵ پیرەژن و پیرەپیاوەکان و کچ و کوڕە گەنج و منداڵەکانی ئەو خێزانانەدا خۆی گونجاند و بووە دۆست و هاوڕێیان؟ نەک تەنها خۆ گونجاندن، بەڵکو زۆربەیان پێشبڕکێیان بوو کە (ئەنیتا) لە ماڵی کامیان زیاتر بمێنێتەوە، تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەشیاندا فرمێسکی بۆ هەڵڕژێن و پێیان وابێت ئازیزێکیان یاخود ئەندامێکی خێزانەکیان بەجێیان دەهێڵێت.. ئایا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بزانین ئەم خاتوونە هونەرمەندە خاوەنی چ هەستێکی مرۆڤانەیە؟.

ئەنیتا هەر لەم کتێبەیدا باس لەو کەسانە دەکات کە ناسیونی و تێکەڵیان بوو، پێدەچێت هەندێک لەو کەسانە تەنها ئێوارەیەک قاوەیەکی لەگەڵدا خواردبێتنەوە یاخود لە کاتی سەردانی پێشانگەکەیدا بەریان کەوتبێت، کەچی کاتێک باسیان دەکات و ناویان دەهێنێت، کتومت دەڵێی هاوڕێی چەند ساڵەن و ئاگای لە بیرکردنەوەو ژیان و رابردوویان هەیە، ئەو بە ڕێزێکی زۆرەوە باس لەو کەسانە دەکات کە لە گەشتەکەیدا ناسیونی، ئەمە نەک تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە نووسەرو هونەرمەندن، بەڵکو هەمان روانینی بۆ ئەو ژن و پیاو و گەنجانەش هەیە کە لە گوندە شاخاوییە دوورەکانیشدا ناسیونی و بە باشی باری سایکۆلۆژی و هەڵسوکەوت و شێوەی کارو ژیانیانی خستووەتە روو، زۆر جوان باس لەو میواندارییە کوردییانە دەکات کە ئەم و هاوڕێکانی بۆی رۆشتوون، باس لەو رێز و وەفا سادەو ساکارە کوردییانە دەکات کە کورد بۆ میوانێکی بیانی هەیەتی، لە کتێبەکەیدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە هیچ ساتێک هەستی بەوە نەکردووە غەریبە و دوورە لە کەسوکاری خۆی، ئەو باوەشە خۆشەویستییەی بۆ ئەو کراوەتەوە، تەواوی هەست و گیانیان بە ئەڤینێکی ئەبەدی گەرم کردووەتەوە، ئەو کە پێشتر لە چاوی کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەندی وەک (میدیاو کاروان) و چەند کەسێکی دیکەوە لەوێ و کۆمەڵێگ گەنجی ئێرەوە کوردستان و خەڵکەکەی ناسیوە، ئێستا ئیدی خۆی بە چاوی خۆی دەبێنێت خەڵکانێکی رۆشنبیر چۆن رێز لە خۆی و هونەرکەی دەگرن، دەبینێت لەناو خێزانەکاندا چۆن رۆچووەتە ناو دڵی خەڵکە سادەکەوە، دەبینێت شەو مانەوە لە گوندێکی شاخاویی ناوچەی چۆماندا چ تاموچێژێکی کوردییانەی هەیە، دەبینێ و گوێی لێیە کورد لەسەر بەردی رەق قسەی خۆش و نوکتەی تازە درووست دەکات، دەبینێ ئەو رابردووە خوێناوییە و ئەو هەموو پیلانە ژەهراوییانە نەیانتوانیوە ئەم میللەتە لە بزەو رێز و خۆشەویتی بخەن، دەبینێ خەڵکی ئەم وڵاتە رۆژ بە رۆژ تازە دەبنەوە و ژیانی خۆیان دەگۆڕن و وردە وردە لەگەڵ چەمک و

ئەم خانمە شێوەکارە، بێلایەنانە ئەو شتانە دەگێڕێتەوە بە زاکیرەیەکی زیرەکانەوەو وریاییەکی زۆرەوە، قسە لەسەر هەموو ئەو شوێن و کەسانە دەکات کە بەهۆی گەشتەکەیەوە بینیونی و بەریان کەوتووە

# کتێب



ڕەهەندە تازەکانی دنیای مۆدێرندا تێکەڵ دەبن.. بە کورتی هاتنی ئەم ژنە هونەرمەندە بۆ کوردستان، وەک هاتنی سیاسییەک نییە لە پاش خۆی کۆمەڵێ ناڕاستی و تەمسیل و موجامەلە بەجێبهێڵێت.. هاتنی ئەو وەک هاتنی بازرگانێک نییە مێشوولە ئاسا خوێنمان بمژێت.. هاتنی ئەو وەک هاتنی ڕێکخراوێکی بەناو مرۆڤدۆست نییە بزانێت کوێی هەڵەبجەمان دێشێ و کوێی گەرمیانمان برینە.. بەڵکو هاتنی ئەنیتا هاتنی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەو هونەرمەندێکی ئەڤیندارە بۆ تێگەیشتن لە میللەتێک کە ناوی بە ناشرینی بڵاوبووەتەوە.

هەروەک کاروانی ڕووناکبیرو ڕۆماننووس لە پێشەکیی ئەم کتێبەیدا نووسیویەتی و ئاماژەی بەوەداوە، «ئیتر (ئەنیتا) پێویستی بە من نییە بە خوێنەری بناسێنم، لە کاتێکدا ئەو ژنە هونەرمەندە لە هونەری ناسینی خەڵکدا توانایەکی دانسقەی هەیە، ئەو ئەمڕۆ زۆر لە من زیاتر خەڵکی کوردستان دەناسێت، تەنانەت تاکو ئێستا بە پێی ئاگاداریی خۆم یەک دوو منداڵی کورد لە خۆشەویستی ئەو هونەرمەند ناوی (ئەنیتا)یان لێنراوە».

لە بەشی کۆتایی کتێبی (گەشتێک بۆ وڵاتی هاوڕێیانم) کۆمەڵێک وێنەی ئەنیتا بڵاوکراونەتەوە کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا گرتوونی کە لە شوێن جیاجیاکانی کوردستان و لە ماوەی مانەوە و گەشتەکەیدا ناسیونی، ئەو وێنانەش بۆ حیکایەتی خۆیان هەیەو ماناو دەلالاتی خۆشەویستیی ئەو ژنە نیشان دەدەن، وەفای هونەرمەندێکی بیانی دووپات دەکەنەوە کە لە ساتەکانی گەشتەکەیدا گرتوونی.